# داربەڕوو

هۆمەر نۆریاویی

ڕۆژێک تەنیا
ڕێبواری ڕێگای سووتان بووم،
مەلێکی ڕەنجەڕۆی شاخ و بەندیی دەواری گریان بووم.
ڕێگام بڕی، کەلار گەڕام،
گۆپکەی دەرکرد
زاری هۆنراوەی بەستراوم،
هاتە بەرهەم چلی درەختی تاساوم.
زۆر شتم دی،دەمێک ڕامام،
بەڵام بەژنی لاوازی
داربەڕووی لاپاڵێکی نیشتمانم کەوتە بەرچاو.
بێ پێشەکی خۆم تێکەڵ کرد
بە لق لقی بەساڵاچووی
ئەو شادارە،
پڕ ئازارە،
دڵ نازارە.
سەوزە گەڵای فرمێسکی ڕشت،
خۆم ڕانەگرت،پرسیارم کرد:
ئەرێ هۆ مەشخەڵی بریان،
سەرچاوەکەی سۆزی کوێستان،
کام تەوری دژ، چاوی تاوان

بۆتی هانی بەرگی خەزان؟!

داربەڕوو وا هاتە وەڵام:

لەو ڕۆژەوەی

هەواری سووتان و گریان،

خاک و خۆڵی گوند بە گوند

و

شار بە شاری نیشتمانی بەردەباران،

بوو بە کێڵگە و گڵکۆی یاران.

پەڕم نەما، سووتام،برژام

بۆیە وەها کز ئەنوێنێ،

لق و باڵام، لق و باڵام.

سەرنجێک: تەمەنی ئەم هۆنراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە ٣٠ لەمەوپێش کە بەدیار مەزاری کۆرپەلەیەکی هەڵەبجەییەوە نووسراوە. ئەم تابلۆیە، یەکێکە لە بەرهەمە هونەرییەکانی شێوەکاری ناوداری کورد "ڕێبوار سەعید" کە گوزارشت لە هێمای "هەڵەبجە" و تاوانە دژە مرۆیی و دڵهەژێنەکەی ڕژێمی لەناوچووی بەعسی سەددام دەکات.

